


NASJONALT KUNNSKAPSSENTER
**OM VOLD OG TRAUMATISK STRESS**

kjonnslemlestelse.nkvts.no

**نەخۆشخانەی زانکۆ لە باکووری نۆرویژ، ترۆمسۆ.**
ژمارە تەلیفوون: ٠٠ ٦٠ ٦٢ ٧٧ یان پۆلی کلینیکی تایبەت بە ژنان  ٧٥ ٠٧ ٢٦ ٧٧.

**نەخۆشخانەی زانکۆ لە هاوکەلاند، بەرگێن.**
ژمارە تەلیفوون: ٠٠ ٠٥ ٧٩ ٥٥ یان کلینیکی ژنان: ٦٣ ٢٤ ٧٩ ٥٥

**نەخۆشخانەی زانکۆ St. Olav, ترۆندهایم.**
ژمارە تەلیفوون: ٠٠ ٠٣ ٧٥ ٢٧ یان پۆلی کلینیکی ژنان: ٢١ ٢١ ٧٥ ٢٧

**نەخۆشخانەی زانکۆ لە ستاوانگێر،**
ژمارە تەلیفوون: ٠٠ ٠٨ ١٥ ١٥ یان کلینیکی ژنان: ٠١ ٤٩ ١٥ ١٥

**نەخۆشخانەی زانکۆ لە ئۆسلۆ،**
ژمارە تەلیفوون: ٠٨ ٠٨ ١١ ٢٢ یان کلینیکی ژنان: ٤٤ ٨٩ ١١ ٢٢

**نەخۆشخانەی باشووری ولات، کریستیانساند،**
تەلیفوون ٠٠ ٠٣ ٧٠ ٨٣ یان کلینیکی ژنان ٠٧ ٠٣ ٧٠ ٨٣

**نەخۆشخانەی ویکەن رۆژهەڵات، درامێن،**
ژمارە تەلیفوون ٥٢٥٣٠ یان بەشی مناڵ بوون: ٦٠ ٦٤ ٠٨ ٢٣



**خۆت خاوەنی ئەم لەشەی**

خەتەنە کردن نهێنێکە کە زۆر کەس لە خۆیدا ڕایدەگرێ. ئەوە باشە کە بزانن کە نێرسەکان و دوکتۆرەکان زانیارییان هەیە و هاوکات ئەرکی بێدەنگیان هەیە. ڕێکخراوەکانی دڵخواز و دەزگاکانی حکومەتی دەتوانن یارمەتیدەرت بن ئەگەر بێتوو ترست هەبێ کە تووشی زیان گەیاندن بە کۆئەندامی زاوزێ بی. تۆ دەتوانی وڵامی پرسیارەکانت وەرگیری و هاوکات کەس ناوت نەدرکێنێ و نەناسراو بی.

## لەم شوێنانە دەتوانی یارمەتی وەرگری:

- نێرس و مامۆستاکانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە یان لەو شارەوانیەی کە لێی دەژی
- دوکتۆری بنەماڵەیی یان هەر دوکتۆرێکی دیکە
- ژمارە تەلیفوونی خاچی سوور: ١٠٢ ٥٥ ٨١٨ ـــ دەتوانی تەلیفوون بکەی و نەناسراو بی
- ژمارە تەلیفوونی ئالارم بۆ منالان و مێرمنالان: ١١١ ١١١ ٦١١
- مامان لە ئیدارەی بێهداشت لە ڕابیتە دەگەڵ دەورانی دووگیانی
- گرووپی تواناییەکانی دژی هاوسەرگیری بە زۆرەملە، خەتەنە کردن و کۆنترۆڵی نەرێنی کۆمەڵایەتی، ژمارە تەلیفوون: ٨٧٤ ٩٠ ٠٥٠.
- پۆلیس، تەلیفوون: ٠٠٨٢٠

## ئەو ماڵپەڕانەی دەتوانی زانیاری لێوەرگری:

kjonnslemlestelse.nkvts.no seif.no ung.no

## ناوەندەکانی سڵامەتی ناوچە و پێشنیاری یارمەتی ساغی و سڵامەتی:

لە هەموو ناوەندەکانی سڵامەتی لە ناوچە جۆراوجۆرەکان لانیکەم کلینیکێکی ژنان بەرپرسایەتێکی تایبەتی هەیە بۆ بەدواداچوونی کچان و ژنان کە تووشی زیان گەیشتن بە کۆئەندامانی زاوزێیان بوون. ئەوان پێشنیاری گفتگۆ، لیکۆڵینەوە، دەرمان و بە پێی پێویست نەشتەگەری کراوە دەکەن کە دەتوانێ وەک نەشتەگەرێکی یەک ڕۆژانە ئەنجام بدرێت. دەکرێ ڕاستەوخۆ پێوەندییان پێوە بگری یان لە لایەن دوکتۆرەکەتەوە، نێرس یان مامان بەم شوینە بناسرێی. ئەوان ئەرکی بێدەنگیان هەیە و دەتوان وڵامی پرسیارەکانت بدەنەوە.

ئەو دایکوباوکانەی کە لەم وڵاتانەوە هاتوون پێشنیاری گفتگۆیان سەبارەت بە زیان گەیاندن بە کۆئەندامی زاوزێ پێدەکرێ کاتێک کە کچەکەیان دەست بە قووتابخانە دەکات و لە پۆلی پێنجەمڕا، و پێشنیاری لێکۆڵینەوە زانستیان پێدەکرێ بۆ کچەکەیان. لە قوتابخانەی مێرمناڵان، ناوەندی، بە خوودی کچەکان پێشنیاری ئەم گفتگۆیانە و لێکۆڵینەوە پزیشکی دڵخواز لە سەر کۆئەندامی زاوزێ پێدەکرێ.

بەر لەوەی لێکۆڵینەوە ئەنجام بدرێت، دەبێ ڕزایەت نامەیەک بە شێوەی نووسین پێشکەش بکردرێت. کچانی تاکوو ٢١ ساڵ پاش ڕازی بوونی دایکوباوکیان ئەم لێکۆڵینەوەیان بۆ ئەنجام دەدرێت. نێوان ٢١ بۆ ٦١ ساڵان لە لایەن ئەو کەسانەی کە لێکۆڵینەوەکە ئەنجام دەدەن بڕیار دەدەن کە کچەکە خۆی توانایی هەبێت ڕزایەت بدات تا لێکۆلینەوەکە ئەنجام بدرێت. لە تەمەنی ٦١ ساڵ بۆ سەرێ کچەکە بۆخۆی دەتوانێ ڕزایەت نامەکە بنووسێ.



## ئەرکی بەرگری کردن
ئەرکی بەرگری کردن کۆمەڵێک فەرمانبەری خسووسی و حکومەتی لە خۆ دەگرێت کە دەبێ حەول بدەن کە بەرگری بکەن لە زیان گەیاندن بە کۆئەندامی زاوزێی کچان.

کاتێک ئەو کەسانە زانیاری وەردەگرن کە کەسێک قەرارە خەتەنە بکرێ، بە پێی یاسا ئەرکیان دەکەوێتە سەر شان کە بەرگری بکەن لەوەی کە ئەم کردەوە ئەنجام بدرێ، بۆ وێنە دەتوانن ئیدارەی پارێزگاری لە مافی منداڵان یان پۆلیس ئاگادار بکەنەوە. ئەم ئەرکە دەکەوێتە بەر ئەرکی ئاسایی قسە نەدرکان یان ڕازداری.

**یارمەتیدان بەوە کە کەسێک خەتەنە بکرێ، یان لە ئەرکی بەرگری کردن لەم کردەوەیە خۆ لابدات، بە پێی یاسا سزای هەیە، بەڵام ئەو کەسە کە خەتەنە دەکرێت سزای ناکەوێتە سەری.**

## ئەرکی زانیاری
زیان گەیاندن بە کۆئەندامی زاوزێ بێ هەڵوێستێکی جیدییە. هەروەها جگە لە ئەرکی بەرگری کردن فەرمانبەرانی خسووسی و حکومەتی دەتوانێ بە پێی یاسا ئەرکێکی دیکەشیان بکەوێتە سەر شان ئەویش ئاگادار کردنەوەی ئیدارەی پارێزگاری لە مافی منداڵانە لە سەر ئەم کردەوەیە. لەوانەیە هیندێک جار خۆت لە مەترسی زیان گەیاندن بە کۆئەندامی زاوزێی خۆت بکەوی، یان خوشکێکت هەیە کە مەترسی خەتەنە کردنی لەسەرە، یان ئەوە کە بۆخۆت یان خوشکت تووشی لێکەوتە خراپەکانی بوون بێ ئەوەی کە یارمەتی پزیشکی پێویستتان بۆ ئەنجام درابێ.

## پێشنیار بۆ گفتگۆ و لێکۆڵینەوەی دڵخوازانەی کۆئەندامی زاوزێ
لە ساڵی ۲۰۱۰ـەوە شارەوانیەکانی وڵات پێشنیاری لێکۆڵینەوەی کۆئەندامی زاوزێ بە کچان و ژنان دەدەن کە پێشینەیان لەو ناوچانەڕایە کە مەترسی زیان گەیاندن بە کۆئەندامی زاوزێ لەوێ لە سەتا ۳۰٪ زۆرترە. ئەم پێشنیارە بە هەموو ئەو کەسانە دەدرێت کە کەمتر لە ساڵێکە هاتوونە وڵاتی نۆرویژ.

**بەندی ٤٨٢. زیان گەیاندن بە ئەندامی زاوزێ**

بە سزای زیندان بۆ ماوەی ٦ ساڵان ئەو کەسە سزا دەدرێت کە کردەوەکەی لە سەر کۆئەندامی ژنەکە ئەنجام داوە و بۆتە هۆی زیان پێ گەیاندن بە کۆئەندامی زاوزێ یان ببێتە هۆکارێک بۆ ئاڵوگۆڕێکی هەتا هەتایی. دووپات کردنەوەی سەر نوێش هەر بەم شێوەیە سزا دەدرێت.

هاوکاری کردن و ڕازی بوونی لایەنەکە نابێتە بەڵگە بۆ سزا نەدان.

هەموو ئەو کەسانەی کە کار دەکەن یان فەرمانبەرن لە باخچەی مناڵان، ئیدارەی پارێزگاری لە مناڵان، خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، خزمەتگوزاری سلامەتی، قووتابخانەکان، شوێنی پاش قوتابخانە (SFO) و کۆمەڵگای دینی، کە ئاگادار بوون و بە هەر شێوەیەک و هۆکارێک حەولیان نەداوە بەرگری بکەن لە خەتەنە کردن بە سزای تا یەک ساڵ زیندان ڕووبەڕوو دەبنەوە. هەروەتر ئەم یاسایە ڕێبەرانی ئایینی و دینیش لە خۆ دەگرێتەوە. ئەرکی بەرگری کردن لەم کردەوەیە بە بێ لەبەر چاو گرتنی ئەرکی بێدەنگی دەبێ بەڕێوە بچێت. ئەو خۆلادانە و بەرگری نەکردنە سزا هەڵناگرێت ئەگەر کردەوەی خەتەنە کردنەکە بەڕێوە نەچووبێت یان حەولی کردەوەی سزایی بۆ نەدرابێت.

**بەندی ٥٨٢. زیان گەیاندی گەورە بە کۆئەندامی زاوزێ**

زیان گەیاندنی گەورە بە کۆئەندامی زاوزێ بە زیندانی تاکوو ٥١ ساڵان سزا دەدرێت.

بۆ بڕیاردان کە زیان گەیاندنەکە گەورە و زۆر بووە، دەبێ بە تایبەت سرنج بدرێتە ئەوە کە کردەوەکە ئەم لێکەوتانەی لێکەوتۆتەوە

ئەلف) نەخۆشی یان لە دەستدانی توانایی کار بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، بە پێی بەندی ٤٧٢

ب) عەیبێک کە دەرمان نەکرێ، هەڵەیەک یا زیانێک، یان

پ) مردن یان زیانێکی بەرچاو لە لەش دا یان لە باری سلامەتیدا.

# یاسای سزایی بەندی ٤٨٢ و ٥٨٢

یاسای سزایی لە ڕێکەوتی ١ی ئۆکتۆبری ٥١٠٢ـەوە یاسای نوێی هەیە بە دژی خەتەنە کردنی ژنان. ئەم یاسایە جێگای یاسا کۆنەکەی کە لە ساڵی ٥٩٩١ بڕیاری لەسەر درابوو، دەگرێتەوە. یاسای سزایی قەدەغە کردنی خەتەنەی ژنان هەموو کەسێک دەگرێتەوە کە لە وڵاتی نۆرویژ نیشتەجێیە. بەو مانایە کە ئەگەر کچەکەی لە دەرەوەی وڵاتی نۆرویژیش خەتەنە بکەن قەدەغەیە و دژی یاسایە. یاسای قەدەغە کردنی خەتەنەی ژنان بە مەبەستی پارێزگاری لە کچان بە دژی خەتەنە کردن و زیان بە ئەندامی زاوزێیان، ڕەچاو کراوە.

## قەدەغە کردنەکە

ئەگەر کاتێک کە لە وڵاتی نۆرویژ دەژی و خەتەنەت دەکەن، و دایکـوباوکت دەیانتوانی بەرگری لەم کارە بکەن، ئەوە دایکـوباوکت یاسایان لە ژێر پێ ناوە. هەم ئەو کەسەی کە ئەو کردەوە ئەنجام دەدات و هەم ئەو کەسانەی کە تەئسیریان لەم کارەدا هەبووە، دەکرێ سزا بدرێن. بەو مانایە کە بۆ نموونە دایکـوباوک، یان کەسانی دیکە، ئیجازە پێدرا نین کە تۆ هەڵبگرن و بتبەنە لای کەسێک کە ئەم کردەوە ئەنجام دەدات، جا چ لە وڵاتی نۆرویژ بێت یان لە وڵاتێکی دەرەوەی نۆرویژ بێت. ئەم یاسایە حەتتا ئەم کاتەش دەگرێتەوە کە بە دڵخواستی خۆت بووە کە خەتەنە بکرێیت.

ئەگەر لە ماڵە کەسێکیتر جگە لە دایکـوباوکت دەژی، ئەوانیش دەتوانن هەستی بەرپرسایەتیان هەبێ بۆئەوەی تۆیان خەتەنە کردبێت. ئەوان دەبێ نیشان بدەن کە وەک چاوەڕوانیان لێدەکرێ جێگای متمانە بن. ئەمە زۆر گرینگە کە دەبێ ئاگادار بی کە ئەگەر بۆ سەفەری خۆشی چووی بۆ لای دایەوباوە گەورەت یان کەسێکیتر، بۆ ئەو وڵاتەی کە دایکـوباوک لەوێڕا هاتوون، مەترسی خەتەنە کردن زۆرترە.

یاسا هەروەتر ئەمەی قەدەغە کردووە کە کردەوەی خەتەنە کردن دووپات بکرێتەوە. بەو مانایە کە ئیجازە نیە کەسێک دوبارە بدروویەوە کە پێش دوراوە و بە مەبەستی منداڵ بوون کراوەتەوە.

## لە چ وڵاتێک خەتەنەی ژنان بەڕێوە دەچێت؟

جەدوەلی ژێرەوە بەڕێوەچوونی خەتەنەی ژنان لە ناو نەتەوەکان نیشان دەدات. لە زۆربەی ئەم وڵاتانە ئاڵوگۆڕی یەکجار گەورە بەرچاو دەکەوێ، هەم سەبارەت بە جۆری خەتەنە کردنەکە و هەم بەربڵاویەکەی. ناوەرۆکەکە لە سەر ئەساسی ڕیزبەندێک ئەنجام دراوە لە لایەن ڕێکخراوی گەورەی نێونەتەوەیی کە ڕاستەوخۆ کار دەکەن بە دژی خەتەنە کردنی ژنان وەک UNICEF، UNFPA، UNPD، USAIS و ڕێکخراوی جیهانی بێهداشت WHO.

| ژێر ٪٩١ | ٪٩٤-٠٢ | ٪٩٧-٠٥ | ٪١٠٠-٨٠ |
|---|---|---|---|
| بەنین | ساحلی عاج | بورکینا فاسۆ | جیبووتی |
| غەنا | گوئینا-بیساو | ئەتیۆپی | مسر |
| عێراق | کێنیا | گامبیا | ئێریترە |
| یەمەن | نیجێریا | ئیندۆنەزی | گووئینا |
| کامێرۆن | سێنێگاڵ | لیبی | مالی |
| نیگەر | ئەفریقای ناوەند جەمهووری | ماوریتانی | سیەرا لێئۆن |
| تانزانیا | چاد | | سومالی |
| تۆگۆ | | | سودان |
| ئوگاندا | | | |

هەروەتر هیندێک لێکۆڵینەوەی بچووکتر گوزاریش دەکات کە خەتەنە کردنی ژنان لە ناو هیند گرووپی خەڵکان ئەنجام دەدرێت وەکوو ئێران، مالێزی، عومان، ئیماراتی عەرەبی و تایلەند.

بۆ وەرگرتنی ئاماری زیاتر بڕوانە: kjonnslemlestelse.nkvts.no

# مێژوو و بەربڵاوی

کەس نازانێت بە درووستی لە چ زەمانێکەوە مرۆڤ دەستی کردووە بە بڕینی کۆئەندامانی کچان و ژنان. بەڵام بەهەرحاڵ دەزانین کە ئەم کارە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هەزار ساڵ لەمەوبەر، یانی بەر لە پەیدا بوونی ئیسلام و کریستین.

خەتەنە کردنی کچان هەم لە نێو موسڵمانان، کریستین و هەروەتر ئەو ئینسانانەی کە باوەڕیان بە دینی دیکە هەیە بەڕێوە دەچێت. دیارە زۆربەی موسڵمانان و کریستینەکان لە دونیادا بەهەر هۆکارێک بێت کچەکانیان خەتەنە ناکەن.

### هیچکام لە دین و باوەڕکان داوا ناکەن کە کچان خەتەن بکەن

زۆربەی ئەو خەڵکانەی کە بە کردەوە زیان بە کۆئەندام دەگەیەنن، لە جیلەکانی پێشەوەڕا ئەمە ئەنجام دەدەن، و ئاکامەکە بۆتە بەشێک لە فەرهەنگ و کولتووریان. ڕێورەسمێکی کۆنە و کۆمەڵگا زۆر جاران فشار دەهێنێت بۆ ئەوە کە ئەم نەشتەگەرییە ئەنجام بدرێت. لە زۆر یەک لەو کۆمەڵگایانە ئامانجی ئەو خەتەنە کردنە ئەوەیە کە خواستی نزیکایەتی سێکسی ژنان کۆنترۆڵ بکەن. کەمی زانیاری، بە تایبەت سەبارەت لێکەوتە خراپەکانی باری پزیشکی ئەم کارە، هۆکارێکە کە تەئسیر دەکات تاکوو ئەم زیان گەیاندنە بە کۆئەندامی ژنان بە بەردەوامی بەڕێوە بچێت.

ڕێورەسمە کۆنەکان هۆکاری سەرەکین لە بازنەیەکدا بەسەر ئەفریقادا، بەڵام هەروەتر لە ناو هێندێک لە خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئیندۆنەزیا، مالێزی و هیندوستان دا بە کردەوە ئەنجام دەدرێت.

ڕێکخراوی جیهانی بێهداشت (WHO) گوومان دەکات کە لە سەرانسەری جیهاندا ٢٠٠ میلیۆن کچ و ژنی خەتەنەکراو هەبێت و تەقریبەن هەموو ساڵێک سێ میلیۆن کچ زیان بە کۆئەندامی زاوزێیان دەگات. لە سەر ئاستی جیهان تەقریبەن لە سەتا ٩٠ی ئەم جۆرە کردەوانە جۆری I و II دەگرێتەوە، و لە سەتا ١٠ جۆری III دەخۆ دەگرێت. لە وڵاتی نۆرویژ زۆربەی هەڵکەوتەکان جۆری III دەگرێتەوە، بە هۆی ئەوە کە ئێمە کۆچبەرانێکی زۆرمان هەیە کە لەم وڵاتانەوە هاتوون کە ئەم جۆرە بە کردەوە ئەنجام دەدەن.

**سوونا زۆر جاران وەک نەشتەگەرێکی بچووک و بێخەتەر ناوزەد دەکرێ. ئەمە ڕاست نیە. بە کردەوە تەقریبەن هەمیشە میتکە و لێوەکانی ژوورەوە بە تەواوی یا بەشێکی دەبڕدرێ و هەڵدەگیرێت. هەروەتر لێوەکانی ژوور و دەرەوە بەیەکەوە دەدروون، کە ئەم کارە بە کردەوە نەشتەگەرییەکە بە جۆری قایم و توند دەگۆڕێت.**

## جۆری ۳: قایم و توووند

(هەروەتر بە فاراگۆن ناسراوە)

هەروەتر جگە لەو لێکەوتە خراپانەی کە لە جۆری ۱ و ۲دا ئاماژەی پێکرا، مرۆڤ دەتوانێ بە هۆی جۆری قایم و توووند تووشی ئەم لێکەوتانەش بێت:

- چڵک کردن و ئێش: کاتێک کە لێوەکانی دەرەوە لێک درووان پێشگیری دەکرێت لە ڕژانی خوێنی قاعیدەی مانگانە. بەم هۆیەوە ئاو و میز هەڵدەکشێنە نا لەش. ئەمە دەبێتە هۆکارێک بۆ ئێش و ئازار لە کاتی ئاو لێڕژان و عادەتی مانگانە. هەڵکشانی خوێن لە ناو کۆئەندام دەبێتە هۆکار بۆ ئێش و ئازار و چڵک کردن.
- زیانی ژوورەوە: فشاری هەڵکشانی خوێن و میز، و هەروەتر بە هۆی چڵکەوە کە بڵاو دەبێتەوە، دەبێتە هۆکاری ئاڵوگۆڕ و زیان گەیاندن بە ئەندامەکانی ناو لەش. هەڵکشانی میز دەبێتە هۆکار بۆ پەیدا بوونی بەردی ناو میزدان و ئەگەر زۆر خراپتر بێت زیان بە گوورچیلەکان دەگات. هەروەتر میزیش دەتوانێ بڕژێتە ناو کۆئەندامەوە.
- دووگیان بوونی زەحمەت: هیندێک لێکۆڵینەوە نیشآنی داوە کە بە هۆی زیان گەیاندن بە کۆئەندام مەترسی منداڵ نەبوونی هەیە.
- نزیکایەتی سێکسی: دەبێ بۆ نزیکایەتی کۆئەندام بکرێتەوە. برینی تاروپۆپەکان یان عەسەبەکان دەتوانێ ببێتە هۆکاری ئەمە کە دەست لێدانی ئێشێکی زۆری هەبێ یا مرۆڤ زۆر زیاتر حەساس بێت. نزیکایەتی سێکسی زۆر پڕ لە ئێش و زەحمەت دەبێت.
- کاتی منداڵ بوون: وەک ئاسایی دەبێ کۆئەندام بکرێتەوە بۆ ئەوە کە منداڵە ساواکە جێگای هەبێ بۆ هاتنە دەر.

**تا بۆ ماوەیەکی زۆرتر کۆئەندام بەسترا بێت یان لە کاتی بەستنەکەیەوە تاکوو کردنەوەکەی زۆرتر بێ، مەترسی زۆرترە بۆ زیانی جدیتر.**

# لێکەوتە خراپەکانی سڵامەتی

تا چەندە زیان گەیاندن بە کۆئەندام لێکەوتەی خراپی لێدەکەوێتەوە، بەستراوەتەوە بە جۆرەکانی زیان گەیاندن بە کۆئەندام، تەمەنی کچەکە، و شەرایەتی پاکوخاوێنی و فیزیکی بەڕێوەچوونی ئەم کردەوە. هەڵویستی بنەماڵە و هەروەتر ئەو کۆمەڵگایە کە ئەم جۆرە کردەوانە تێیان دا ئەنجام دەدرێ و مرۆڤ لە ناوی‌دا دەژی، گرینگی خۆی هەیە. هەم ئەنجامی ئەم کارە بە شێوازە ڕێورەسمە کۆنەکان و هەم لە نەخۆشخانە، لێکەوتەی خراپی لێدەکەوێتەوە. هێندێک لەو لێکەوتانە دەتوانێ هەر زۆر زوو سەر هەڵبدا، لە حالێک‌دا هێندێکیان دەتوانێ دوای ماوەیەکی دوورودرێژ لە داهاتوودا سەر هەڵبدەن.

لێکەوتە خراپەکانی کە زۆر زوو دەتوانێ پاش هەموو جۆرەکانی ئەم کارە سەر هەڵبدەن بریتین لە:

- ئێش و ئازارێکی ئێگجار زۆر
- خوێن ڕێژی زۆر کە دەتوانێ مەترسی بێت لە سەر گیان
- چڵک کردن کە دەتوانێ مەترسی بێت لە سەر گیان
- شکان و زیانی دیکە کە دەتوانێ سەر هەڵبدات ئەگەر کچەکە بە هۆی ئێشی و ئازارەوە بە زۆر ڕابگیرێ

## لیستەیەک لە لێکەوتە خراپەکان بە هۆی جۆرە جۆراوجۆرەکانی زیان گەیاندن بە کۆئەندامی ژنان

**جۆری ١ و ٢: بە شێوەی خەتەنی ژنان و بە شێوەی بڕین**

هەروەتر بەم ناوانەش ناسراوە تاهوور، تاهارگ و سوونا)

- چڵک کردن: بە بڕینی لێو و لیچەکان، کۆئەندام زۆرتر ئاواڵا دەبێت و بۆ گرتنەوە و چڵک کردن زۆرتر حەساس دەبێت.
- تۆپ: غودەکان دەتوانێ لە ناودا ببەسترێ و خرایەک ساز بکا کە لە داهاتوودا گەورە ئەبێت.
- کیست: خرایەکە دەتوانێ چڵک بکات، تووشی ئێش و ئازار و ناخۆشیت بکا.
- تاروپۆپ: پاش خەتەنە کردن جۆرێک تاروپۆپ دادەمەزرێ کە دەتوانێ، ئەستوور، ڕەق و ناخۆش بێت. لە هێندێک کەس‌دا ئەمە دەتوانێ گەورە بێت و خرایی گەورە دروست بکات.
- نزیکایەتی: خواستی کۆئەندامی ژنان دەتوانێ کەمتر بێتەوە بە هۆی کەمبوونی حەساس بوون یا بە هۆی بوونی ئێش و ئازارەوە.
- کاتی منداڵ بوون: ئەم تاروپۆپە حاڵەتی کێشانەوەی کەم دەکاتەوە، بە جۆرێک کە مەترسی دەبێت کە پێست زۆر هەڵبدرێ.
- ترس و بیرەوەری ناخۆش: ئێش و بیرەوەری لە ئێش‌وئازار، خۆف و بێ توانایی بە هۆی ڕاگرتن بە زۆرەملە دەتوانێ ببێتە هۆکاری بیرەوەری ئێش کە لە ژیانی داهاتوودا ئازار دەدا. ئەمە بۆ وێنە دەتوانێ لە کاتی چالاکی نزیکایەتی سێکسی‌دا، لە کاتی منداڵ بوون‌دا، یان لە کاتی لێکۆڵینەوەی پسپۆری ژنان‌دا ڕوو بدات.

# جۆرەکانی زیان گەیاندن بە کۆئەندام

ئەمە دابەش کردنێکە کە بە پێی دابەشکاری ڕێکخراوی جیهانی بێهداشت و سڵامەتی ئەنجام دراوە. لە ئەسڵدا دەتوانێ جیاوازی و جۆری دیکەی لێبێتەوە.

**جۆری I:** سەری میتکە بەشێکی یان بە تەواوی هەڵدەگیرێت (خەتەنەی ژنان). دەتوانێ زەحمەت بێ دیاری بکات.

**جۆری II:** سەری میتکە و بەشی ناوەوەی لێوەکانی کۆئەندام بەشێکی یان بە تەواوی هەڵدەگیرێت (بە شێوەی بڕین).



**جۆری II**

**جۆری III:** بەشی کراوەی کۆئەندام بچووک و تەنگ دەکرێتەوە. بەشێک لە لێوەکان (دەرەوە و ناوەوە) دەبڕدرێت و لادەچێ و دەیدرونەوە یان پێک دەنووسێن بە جۆرێک کە پێستێک بەشی کراوەی کۆئەندام دادەخات. زۆر جارانیش بەشێک لە سەری میتکە دەبرن (پێشی دەگیرێ).



**جۆری III**

**جۆری VI:** هەموو جۆرێکی دیکەی نەشتەگەری لە سەر کۆئەندامی ژنان ئەگەر بە هۆکاری پزیشکی نەبێت، بۆ نموونە دەرزی لێدان، کوون کردن، بڕین، داتاشین یا سووتاندن.

# لەش چون خولقێندراوە

## کۆئەندامی زاوزێی سرووشتی ژنان

پێویست نیە بەشێک لە ئەندامی زاوزێی ژنان هەڵبگیرێت یان بیدروونەوە. کۆئەندامانی زاوزێی ژنان هەر کامیان کارێکی تایبەت و دیاریکراویان هەیە و لەش بەتەواوی بۆ پارێزگاری لەو ئەندامانە ئامادە کراوە. خەتەنە کردنی کچان زیان بە تواناییەکانی سروشتی لەش دەگەیەنن کە کاریان پارێزگاری لەو ئەندامانەیە.




تەنیا کاتێک لێوەکانی کۆئەندام دەکێشرێنەوە قەراغ میتکە، بەشی کراوەی ئەندام و لولەی میزدان بە جوانی وەبەر چاو دەکەوێت.



**دین داوای خەتەنەی کچان دەکات.**

هیچکام لە دینەکان داوای خەتەنە کردنی کچان و ژنان ناکەن. بەپێچەوانە زۆربەی دینەکان پێمان دەڵێن کە نابێ دەست لە کاری خولقێنەر بدرێت. لەشی تۆ بەشێکە لەو خولقێندراوە. هیندێک لە موسڵمانان پێیان وایە کە ئیسلام پشتگیری لە خەتەنە کردنی کچان دەکات. بەڵام بە زۆربەی موسڵمانان بە کردەوە خۆ ئەنجامی ئەم کارە لادەدەن.
بەم شێوە کردەوەیە دەگووترێ «سوونا».

**زۆر گرینگە کە ویست و رێورەسمە کۆنەکانی دایکوباوک لەبەر چاو بگری.**

دەبێ لە بەرامبەر ئەو رێورەسمە کۆنانەی کە زیانبەخشن بەرخۆدان بکرێ. خەتەنە کردنی کچان زیانبەخش و بە پێی یاساکانی نۆرویژ قەدەغەیە. ئەگەر دایکوباوک یا خزم و کەسێکی دیکە

بەتەمایە زیان بە کۆئەندامی زاوزێی تۆ بگەیەنێت، مافی خۆتە کە دژی بوەستی هەر چەند ئەوان پێیان وایە لە ڕووی خۆشەویستی ئەم کارە بۆ تۆ ئەنجام دەدەن. ئەتۆ بۆ ئەوەی کە دژی ئەم کار بوەستی یارمەتیت پێدەدرێ. بڕوانە زانیاری پێوەندیەکان لە پشت ئەم پەرتووکەیە.



# تێگەیشتنەکان لە زیان گەیاندن بە کۆئەندامی زاوزێ

**ئەو کەسانەی کە کاری زیان گەیاندن بە کۆئەندامی زاوزێ ئەنجام دەدەن هۆکاری جۆراوجۆر باس دەکەن کە بۆچی ئەم کارە بە پێویست دەزانن. ئێمە لێرەدا بەشێک کە زۆر بە بەربڵاوی باسی دەکرێ، دەهێنەنە بەرچاو.**

### زیان گەیاندن بە کۆئەندامی زاوزێ کچان لە بەرامبەر ئەخلاقی سێکسدا دەپارێزێت.

زیان گەیاندن بە کۆئەندامی زاوزێ خواستی سێکس لەناو نابات، چونکە ئەم خواستە لە ناو مێشک و فانتازی دایە.
زیان گەیاندن بە کۆئەندامی زاوزێ پێشگیری لە سێکسی بەر هاوسەرگیری ناکات و لە بەرامبەر خیانەتدا بەرگری ناکات. وەک یەک ئاسانە دورەپەرێزی کردن لە سێکس و پاوەرپێکراو بمێنی وەک کەسێک کە زیان بە کۆئەندامی زاوزێی نەگەیشتبێ. دووەرەپەرێزی و متمانە بە کردەوە بایەخدارەکان دیاری دەکرێن.

### زیان گەیاندن بە کۆئەندامی زاوزێ رێوڕەسمێکی کۆنە و کارێکە هەموو دەیکات. بۆ ئەوەی جیاواز نەبی دەبێ ئەم کارە ئەنجام بدەی.

بە زۆربەی خەڵکانی سەر زەوی ئەم کردەوە ئەنجام نادەن. زانیاری لە سەر ئەوە کە ئەم رێ و رەسمە چەند مەترسیدارە، دەبێتە هۆی ئەوە کە زۆربەی خەڵک دژ بە زیان گەیاندن بە کۆئەندامی زاوزێ بن، هەروەتر لە کۆمەڵگایەکدا کە پێشتر ئەم کارە کارێکی ئاسایی بووە.

### «بەڵام دەتوانین تەنیا کەمێکی لە هەڵگرین».

لەو شوێنانە کە دەکرێ بە پێی ئەم رێوڕەسمانە زیان بە کۆئەندامی زاوزێ بگەیەندرێت، زۆر کەس رازی دەبێت کە بەشێکی کەمی نەشتەگەری لە سەر ئەنجام بدری.
هەر چەند بە نەشتەگەرێکی بچووک ناو دەبردرێت، سوونا وەک ئاسایی ئەمە لەخۆ دەگرێت کە تاروپۆکانی میتکە و لێو و لیچەکانی ناوەوەی کۆئەندام دەبڕدەرێت، زۆر کەرەت بە چەند تەقەڵێک دەیدرووونەوە.
لە نێوان دایکوباوکان و ئەو کەسانەی ئەم کارە بەرێوە دەبەن و رێبەرەکانی دینی هیچ هاوفکرێک نیە سەبارەت بە پێناسە کردنی سوونا (جۆریک خەتەنەی کچان)، و ئەم نەشتەگەریانە زۆر بەرچاوتر و گەورەترە لەمە کە زۆر کەس پێیان وایە. هەربۆیە هەموو جۆرێکی ئەم کردەوانە قەدەغەیە و رێگا پێدراو نیە.

### ئەو کچانەی خەتەنە نەکرێن ناتوانن هاوسەرگیری بکەن.

زۆربەی پیان لەو وڵاتانەی کە خەتەنەی کچان بە شێوەیەکی بەربڵاو بەرێوە دەچی لە مەترسێکانی بۆ باری سڵامەتی ئاگادارن و هەر بۆیە حەز ناکەن ئەم نەشتەگرییە بۆ خەتەنە کردن بە سەر هاوسەرەکەیان هاتبێ یان تووشی بن.



# زیان گەیاندن بە ئەندامانی زاوزێ بۆ سڵامەتی مەترسیدارە

زیان گەیاندن بە کۆئەندامی زاوزێ نەشتەرگەرێکە کە ئەندامی زاوزێی کچان جیا دەکرێتەوە یان ئاڵوگۆڕی تێدا بەدیدەهێنن. ئەوەی کە چەندەی جیادەکەنەوە، جیاوازێکی زۆر هەیە. نەشتەگەرییەکە بە زۆرینە کاتێک ئەنجام دەدرێ کە تەمەنی کچەکان لە نێوان ٥ تا ١٤ ساڵان بێت، بەڵام دیارە کچانی سەرەوەی ١٤ سال و بگرە مناڵی ساواش تووشی ئەم دیاردە دەکرێنەوە.

زۆر کەس زیان گەیاندن بە کۆئەندامی زاوزێ بە خەتەنەکردن، باش بۆ سڵامەتی یا وشەی‌تر ناو دەبەن. زیان گەیاندن بە کۆئەندامی زاوزێی کچان زۆر مەترسیدارترە لە خەتەنە کردنی کوڕان، و هەر بۆیە ناکرێ ئەم نەشتەگەریانە وەک یەک چاو لێبکرێت.

لە نۆرویژ هەموو جۆر زیان گەیاندنێک بە کۆئەندامی زاوزێ قەدەغەیە. زۆر یان کەم بڕینی ئەندامی لەش وەک یەک نایاساییە. هیچ پێویست ناکات و هۆکاری نیە کە لە کۆئەندامی زاوزێ لە کچانی ساغدا ئاڵوگۆڕ پێک بێت.

زیان گەیاندن بە کۆئەندامی زاوزێ بۆ سڵامەتی مەترسیدارە. مرۆڤ دەتوانێ بۆ هەموو تەمەنی ژیانی تووشی زیان بێت. هەر بۆیە لە زۆربەی وڵاتانی دنیا قەدەغەیە. نۆرویژ بە واژوو کردنی کۆنوانسیۆنی نێونەتەوەیی بە ئەرکی خۆی دەزانێ کە ڕێوڕەسمە کۆنەکانی زیانبار لە ناو بەرێت. هەروەیا یاسایی قەدەغە کراومان هەیە بە دژی زیان گەیاندن بە کۆئەندامی زاوزێ، کە بەشێک لە یاسای سزادانی نۆرویژ. ئامانج لەم قەدەغە کردنە ئەوەیە کە ئەو کچانەی لە نۆرویژ گەورە دەبن پارێزراو بن لە بەرامبەر ئەم کردەوانە.

لەوانەیە بۆ مێرمناڵان زەحمەت بێ لە سەر ئەم باسە قسان بکەن. هەروەتر ئەو کچانەی کە تووشی ئەم کردەوەیە نەبوون دەتوانن پرسیاریان سەبارەت بە ڕێوڕەسمەکان هەبێت. ئەوان لەوانەیە نیگەرانی خووشک و براکانیان بن یا نیگەرانی کەسێک بن کە دەیناسن و پێویستێکی زۆریان بە زانیاری هەبێت. لەم پەڕتووکەدا دەتوانی ئەم زانیارییانە وەدەست بهێنی:

- زیان گەیاندن بە کۆئەندامی زاوزێ چیە
- تێگەیشتنەکان لە زیان گەیاندن بە کۆئەندامی زاوزێ
- لەشی مرۆڤ بە شێوازی سرووشتی چۆن خولقێندراوە
- ئاکامی سڵامەتی بەهۆی زیان گەیاندن بە کۆئەندامی زاوزێ
- یاسای دژی زیان گەیاندن بە کۆئەندامی زاوزێ
- لە کوێ دەتوانی یارمەتی وەربگری

# خۆت تەنیا خاوەنی لەشتی

کەس بۆی نیە زیان بە لەشت بگەیەنێت. ئەمە لەشی خۆتە، و خۆت بڕیار لە سەر لەشی خۆت ئەدەی. وەک منالێکی ساوا، منالێکی بچووک و مێرمنالێک پێویستیت بەمەیە کە گەورەکانی دەورووبەرت لە تۆ تێبگەن.

هیندێک لە کچان لە ژێر فشاری و چاوەڕوانی بنەماڵەکانیان‌دان کە دەبێ لە ئەندامانی زاوزێی لەشیان گۆڕانکاری بکەن بۆ ئەوە کە هەڵگری شەرەف و جێگای ڕێز بن. ئەگەر تۆش خۆت لەمەدا ئەبینێوە دەبێ بزانی کە یاساکانی نۆرویژ بۆ پارێزگاری لە تۆ ڕێکخراوە.

مافی خۆتە لە بەرامبەر زیان گەیاندن پارێزگاریت لێبکرێت. ئەگەر بەشێک لە لەشت جیا بکرێتەوە هەرگیز ناتوانێ بگەڕێتەوە.

کاتێک خۆت بووی بە دایک، ئەتۆی کە دەبێ بزانی کە کچەکەت لەشێکی هەیە کە بە شێوەی سرووشتی زۆر تەواو و ڕێکوپێکە. ئەندامانی زاوزێی کچەکەت بەشێکە لە تەواوەتی لەشێک کە هەموو ئەندامەکانی گرینگن.

پێویستیت هەیە دەگەڵ کەسێک قسان بکەی؟ پێویستی بە یارمەتی هەیە؟ بڕوانە پشت پەڕتووکەکە.



لەشی مرۆڤ بە تەواوەتی خوولقێندراوە

ئەم پەڕتووکە ئامادە کراوە لە لایەن
ناوەندی زانیاری نەتەویی لە مەڕ توندوتیژی و
بیرەوەرییە ناخۆشەکانی ڕابردوو (NKVTS). ئەم پەڕتووکە
بە شێوەی ئەلەکترۆنیکی لە سەر ماڵپەری ئێمە
بەم ناو و نیشانە دست دەکەوێ:
www.nkvts.no

٣مین چاپ، چاککراوی ٩١٠٢

بۆ داواکردنی شێوازی چاپی پەڕتووکەکە پێوەندی بکە:
postmottak@nkvts.no یان بە ژمارە
تەلیفوونە: ٠٠ ٥٥ ٩٥ ٢٢

سەبارەت بە پلانی کرداری حکومەت بە دژی
ئازار گەیاندنی لەش لە ساڵێ ٨٠٠٢-١١٠٢، ناوەندی
NKVTS ئەرکی وەرگرت بۆ دامەزراندنی
ناوەندێکی شایستەگی توانایی نەتەوەیی بە دژی
ئازاری ئەندامانی لەش. ناوەندی NKVTS لێکۆڵینەوە
دەکات، زانیاری بڵاو ئەکاتەوە و بە کەسانی
پسپۆڕ کە لەم بەشەدا کار دەکەن زانیاری دەدات.

دیزاین/پێوەندێکان: کریستینە
ئیستاد و کاری یەڤەر پێدەرشێن
وێنەکێشی لاپەڕەکانی ٨ – ٩: کاری س.
توڤەروود CMI (وێنەکێشی تەئیدکراوی پزشکی)
وێنەگەری: Luth & co AS و لارش سۆرلی

بەرهەمهێنانی گرافیکی 07 Media – 07.no




**NKVTS**

Informasjon om kjønnslemlestelse
Soranisk utgave